# بەڕێز بۆ یادی شەهید ئەرسەلان فەتاحی

شەماڵ پیران



شەهید بوونی ئەرسەلان فەتاحی "شاهۆ"، پێشمەرگەی بەوەجی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ بەڕێکردنی 15 هەمین سالوەگەری لە دایکبوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان. لە کاتێکدا کە حیزبە شۆڕشگیڕەکەی شەهید ئەرسەلان پێی نایە خولێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشانی لە پێناو هێنانە دی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد و لە دەمێکدا کە لاوانی خوێن گەرم و نیشتمان پەروەر زێدە رازاوەکەی شەهید ئەرسەلان و سەرجەم رۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بۆ رامالین و سڕینەوەی داگیرکەر لە خاکی نیشتمان ئامادە دەکەن، ئا لەو کاتەدا خوێنی ئەرسەلان وەک هەزاران کوردستانی بە دەستی داگیرکەران رژا و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان قوربانییەکی دیکەی پێشکەشی بارەگای ئازادی کرد.

شەهید ئەرسەلان لە ماوەی تێکۆشانیدا شێلگیرانە خۆی تەرخانکرد بۆ خەباتی ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی و توانی دەور و رۆڵی بەرچاو لە ناوچەکانی پاوە و دەورووبەری بگێڕێ. کەم شاخ و دار و بەردی ناوچەی پاوە هەبوو لەگەڵ ئەرسەلان و چەک و رەختەکەی و جێی پێڵاوەکانی و شریخەی فیشەکەکەی ئاشنا نەبێ. کەم کانیاو و دارستان و قورغ و قووپی مابوو شەهید ئەرسەلان تیایدا پشووی نەدابێ. ئەو بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو بەڵێنانەی بە خۆی و گەلەکەی و حیزبەکەی دابوو، بۆ چرکەیەکیش نەسرەوت و کۆڵی نەدا. بەڵێنی دابوو تا دوایین هەناسە و دڵۆپی خوێنی سەربازێکی گیان لە سەردەستی ئازادیی وڵاتەکەی بێ. شەهید ئەرسەلان بە کردەوە لە مەیدانی خەباتدا وەک شێرە کوڕیک بەڵێنەکانی بردە سەر و پاش تۆمارکردنی چەندین قارەمانێتی و دەسکەوت، سەرەنجام گیانی بۆ کورد و کوردستان بەختکرد و لەحاند مێژوو و گەلەکەی رووسوور و سەرکەوتوو دەرچوو.

شەهیدکرانی رۆڵەیەکی وەک ئەرسەلان لەم بارودۆخەدا خەسارێکی دیارە بۆ خەباتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەڵام شەهید هەرگیز نامرێ، رێگای پڕ رێبوار و رێبازەکەی تا رزگاری و سەربەخۆیی یەکجاری کوردستان درێژەی دەبێ.

یاد و ناو و پەیامی ئەرسەلان فەتاحی لە ناوچەی پاوە دەبێتە هێمای خەبات و شەکاوە راگرتنی ئاڵای رزگاری و سەربەخۆیی نیشتمان. هەڤاڵ و هاوسەنگەرانیشی لە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دا، رێگای بەرنادەن، ناوی ون ناکەن و یادی دەکەنە هاندەرێک بۆ جۆشدانی خەباتیان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەماندا.

**هەزاران سڵاو لە گیانی شەهید ئەرسەلان**
**و سەرجەم شەهیدانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**
**2006/6/7**
**2706/3/17**